# بەکارهێنانی مادده بێهۆش

**لەهەر کۆمەڵگەیەکدا چەند ڕەفتار و کردەوە هەیە کە بەردەوام بوون لەسەری زیانێکی زۆر بەو کۆمەڵگەیە دەگەیەنێت، لەو ڕەفتار و کردەوانە بریتییە لەبەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان کە زیانی ئەم لەوەدایە کە قوربانییەکانی زیاتر بریتین لەچینی گەنجان بەهەردوو ڕەگەزەوە، ئەوەی زیاتر مایەی سەرنجە ئەوەیە کە ئێستا بەکارهێنانی حەب و ماددەی بێهۆشکەر خەریکە لەنێو کچانیشدا بڵاودەبێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە گۆڤاری گوڵان ئەم بەدواداچوونەی لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامداوە.**

ئێوارەیەك كە لەبەردەرگای قوتابخانە ڕاوەستابووم كوڕێكی ئەسمەری باڵابەرز ڕێگەی پێگرتم، بەقسە و درۆ و دەلەسەكانی خۆی لێكردمە فریشتە، ئەوەندەی پێنەچوو پاش چەند ڕۆژێك لەژووان و دەرچوون پێكەوە فێری خواردنی حەبی ڤالیۆمی كردم ئیتر لەو ڕۆژەوە من ئاڵوودەی ئەو جۆرە حەبە نادروستە بووم، تا دواتر لەلایەن پزیشكی تایبەتەوە چارەسەریان كردم، بەڵام هەتا ئەمڕۆش هەر هەست بەو كاریگەریە نادروستانە دەكەم كە لەجەستەمدا دروستبووە، هیوادارم ئەو ڕۆژگارە ناهەموارە لەیاد بكەم كە تووشم بووە، ئەمە قسەی كچێكی تەمەن ٢٣ساڵە بەناوی (م.ع).

بەكارهێنانی حەبی بێهۆشكەر لەلایەن كچانی هەرزەكارەوە یەكێكە لەو مەترسیانەی كە ئەمڕۆ لەكوردستان بەئاشكرا هەستی پێدەكرێت و بەجۆرێك خەریكە ئایندەی كۆمەڵگەكەمان دەخاتە مەترسییەوە و داهاتووی كۆمەڵگەش دەخاتە ژێر پرسیارەوە، زۆر لەتوێژەران پێیانوایە تەكنۆلۆژیا و فەیسبووك و ئەنتەرنێت هۆكاری سەرەكی سەرجەم كێشەكانن، هەندێكی تر لەتوێژەران ئاماژە بەتێكەڵاوبوون لەگەڵ كۆمەڵگە بیانیەكان دەكەن، پزیشكێكی دەروونی باس لەوە دەكات كە ئافرەتی ئاڵوودەبوو بەو ڕێژە زۆرە نییە كە دەزگا ڕاگەیاندنەكان ئاماژەی پێدەكەن.

### سەردانی هاووڵاتیانی بیانی یەكێكی ترە لەهۆكارەكانی بڵاوبوونەوەی مادده بێهۆشكەرەكان

لەمبارەیەوە شەیما عەزیز توێژەری كۆمەڵایەتی ئاماژە بەبوونی تەكنۆلۆژیا دەكات كە هۆكارێكی سەرەكی بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردە نادروستانەیەو، دەڵێت: بێگومان لەم چەند ساڵەی دواییدا تەكنۆلۆژیا بەشێوەیەكی زۆر خێرا تێكەڵ بەژیانی تاكەكان بووە، كە لەئەنجامدا كاریگەری سلبی لەسەر ژیانی سەرجەم تاكەكان كردووە)، هەروەها شەیما باس لەتێكەڵاوبوون لەگەڵ خەڵكانی بیانی دەكات كە بەهۆیەوە زۆر دیاردەی نادروست و نابەجێ لەنێو تاكەكانی



# ...کەرەکان لەزیادبووندایە

کۆمەڵگەدا بڵاوبۆتەوە و پێیوایە هاتنی هاووڵاتیانی بیانی بۆ شارەکانی کوردستان یەکێکی ترە لەهۆکارە هەرە سەرەکی و گرنگەکانی بڵاوبوونەوەی ماددە بێهۆشکەرەکان لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا بەتایبەتی لەناو ڕەگەزی مێیینەدا)، ناوبراو هێما بۆ بڵاوبوونەوەی حەبی ڤالیۆم لەناو کچانی هەرزەکار دەکات لەشاری هەولێر و دەڵێت: (بێگومان بڵاوبوونەوەی حەبی بێهۆشکەر لەناو کچانی هەرزەکاردا لەشاری هەولێر یەکێکە لەمەترسییەکانی نێو کۆمەڵگە، چونکە کچان لەو تەمەنەدا زۆر ناسکن و ئەگەر لەسەر بەکارهێنانی بەردەوامبن ئەو کات کاریگەری سلبی لەسەر جەستەیان دەبێت لەڕووی تەندروستییەوە).

زۆر لەو کچانە ئاماژە بەوە دەکەن کە کوڕان فێری بەکارهێنانی ئەو جۆرە حەبانەیان دەکەن، لەمبارەیەوە یەکێك لەو کچانەی کە ماوەیەکی زۆر دوای هەرەسهێنانی تەجروبەیەکی خۆشەویستی ڕوویکردۆتە بەکارهێنانی ئەم حەبانەو دەڵێت: (کوڕێك کەخۆی کردە برادەرم و سەرەتا وەك هەموو کوڕێکی تر بەقسەی خۆش و باسکردن لەچیرۆکی خۆشەویستی منی بەلاڕێدا برد، دواتر زۆری پێنەچوو فێری ئەم جۆرە حەبانەی کردم).

ئەوەی مایەی هەڵوەستەکردن بێت ڕێژەی ئالوودەبوان لەناو کوڕاندا زیاترە لەکچان، بەڵام هەمیشە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە ئەگەر دیاردەیەك پەیوەست بێت بەکچانەوە، ئەوا زۆر گرنگی پێدەدەن و بە بەردەوامی باسی دەکەن، لەبەر ئەوەش ئەمڕۆ زۆر بەشێوەیەکی فراوان باس لەوە دەکرێت کە کچانی هەرزەکار ڕوویان کردۆتە بەکارهێنانی حەبی بێهۆشکەر، لەمبارەیەوە دکتۆر سامان هەڵەبجەیی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان باس لەوە دەکات کە ڕێژەی ئەو کچانەی ئالوودەی ماددە بێهۆشکەرەکان بوونە زۆر کەمترە لەڕێژەی کوڕان و دەڵێت: (ئالوودەبوون لەناو ڕەگەزی نێردا زۆر زیاترە لەمێ، بەشێوەیەك لەئەنجامی ئەو ئامارانەی کەهەیە یەك مێ بەرامبەر بە دە نێرە، بەڵام ئەوەش نابێت لەیاد بکەین بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەر لەلایەن کچانەوە شتێکی



نوێیە لەبەر ئەوە ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە زۆر بەتێروتەسەلی باسی دەکەن)، ئەگەر تەماشا بکەین سەرجەم ئەو دیاردانەی کەباس دەکرێن تەنیا باسی کچان دەکرێت و کوڕان فەرامۆش دەکرێن و دەڵێت: (ئەگەر کچان هەر کارێك بکەن زۆر بەزەقی باس لێوە دەکرێت، بۆنموونە خۆکوشتنی ئافرەتان ئەوەندە باسی لێوە کراوە باوەڕێك دروستبووە کە تەنیا کچان خۆیان دەکوژن لەکاتێکدا کوڕان زیاتر پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن، لەبەر ئەوە ئەمەش هەمان بابەتە ئێستا تەنیا باس لەوە دەکرێت کە کچان ئالوودە دەبن و کوڕان فەرامۆش دەکرێن).

### هەمیشە کۆمەڵگە و ڕاگەیاندن چاویان لەسەر ئافرەتانە

دکتۆر سامان پێیوایە ئەگەر کچێك ئالوودەبێت، ئەوا زووتر درکی پێدەکرێت لەبەر ئەوەی کچان زۆربەی کات لەماڵەوەن دایك و باوك بەئاسانی دەتوانن چاودێرییان بکەن و دەڵێت: (کچان زیاتر بەرچاون ئەگەر کچێك ئالوودە بێت دەنگدانەوەی زۆری دەبێت، چونکە شتێکی نوێیە، بەڵام ئەگەر کوڕێك ئالوودەبێت ئەوەندە دەنگدانەوەی نابێت، ئەمە بێجگە لەوەی کچان زیاتر بەرچاون لەماڵەوە دایك و باوکیان هەستیان پێدەکەن، بەڵام کوڕان بەپێچەوانەوە کەم دەچنەوە ماڵەوە لەبەر ئەوەی زۆرکەم درکیان پێدەکرێت)).

### هەڵەیە ئەگەر بڵێین کچی ئالوودەبوومان زۆرە

دکتۆر سامان جەخت لەوەدەکاتەوە کە زۆر باسکردنی هەندێك دیاردە لایەنی سلبی زۆر هەیەو دەڵێت: (مەسەلەی حەب خواردن لەئامادەییەکانی کچان یەکێکە لەو بابەتانەی کە زۆر باس دەکرێت و لەهەمانکاتدا بەو شێوەیە زۆر نییە، ماوەیەك لەمەوبەر لەیەك قوتابخانەدا چەند کچێك ئالوودەی ئەو ماددانە ببوون حەبیان بەکاردەهێنا، بەڵام دواتر مەسەلەکە بەشێوەیەك باس دەکرا کە زۆربەی کچان لەزۆربەی قوتابخانەکان ئالوودەبوون و زۆریش بەربڵاوە)، ئەوەی زۆر گرنگە ماددەی بێهۆشکەر لەناو هەرزەکاراندا زۆر بڵاوە واتا ناتوانین بڵێین کوڕ یان کچ زیاتر ئالوودەی ئەو ماددانەن، چونکە لەناو هەردوو ڕەگەزەکەدا ئالوودەبوو هەیە بەتایبەتی لەناو کوڕاندا، بەهۆی عەولەمە قۆناغی بازاڕی ئازاد لەم چەند ساڵەی دواییدا بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشبەر لەکوردستان و عێراق زیادی کردووە.

لەمبارەیەوە دکتۆر سامان هەڵەبجەیی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونیەکان ئاماژەی بەوەدا کە بازرگانەکان بەسوودوەرگرتن لەبازاڕی ئازاد دەتوانن ماددەی بێهۆشکەر بهێننە ناو هەرێمی کوردستانەوە و زۆرترین ئالوودەبوانی ئەم ماددانەش هەرزەکارەکانن و دەڵێت: ((لەهەموو وڵاتانی جیهاندا هەرزەکاران لەهەموو کەس زیاتر ئالوودەی ئەم جۆرە ماددانە دەبن، لەبەر ئەوەی هەرزەکار زۆر جار وەك چاولێکەرییەك بەکاری دەهێنێت، ئەمە بێجگە لەوەی زیاتر حەزیان لەتاقیکردنەوەی شتێکی نوێیە و ماددەی هۆشبەریش وەك شتێکی نوێ زۆر جار بەکاردەهێنرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە هەرزەکار توانای بەرەنگاربوونەوەی گرفت و کێشەی نییە، هەرکە ڕووبەڕووی گرفتێك یان کێشەیەك دەبێتەوە ڕاستەوخۆ ڕوو لەخواردنی ماددە بێهۆشکەرەکان دەکات).




## شارەزا لەدیزاینەر و ستایلی جلوبەرگ و سەرۆکی بەش

# (پۆشاك و من و کچەکانم) دیزاین و ست

**خاتوو دڵکەش موراد شـــارەزا لەبواری دیزاین و ســـتایل و ڕاوێـــژکاری هونەری لەڕێکخراوی (گولان)ی تایبەت بەپەرەپێدانی هونەر و کلتووری کوردی لەبەریتانیا، کە بۆ ماوەی ١٨ ســـاڵە لەبواری دیزاینی جلوبەرگی کوردی ئافرەتان کار دەکات، خولیایەکی زۆری بۆ ئەم جلوبەرگە**



ســـەرەتا ئەم دیزاینەرەی جلوبەرگ باسی لەجوانی و قەشـــەنگی جلوبەرگی کوردی کـــرد بەوەی ئـــەم جلوبەرگـــە کۆمەڵێك خەســـڵەتی تێدایە کـــە کارەکەی بۆ ئەو وەکو دیزاینەر ئاسانتر کردووە، چ لەڕووی دەوڵەمەندییـــەوە بێـــت کە کوردســـتان زۆر دەوڵەمەندە بەســـتایلی جلوبەرگی ئافرەتـــان یا لـــەڕووی ڕەنگـــەوە بێت یا لـــەڕووی بوونی کۆمەڵێك شـــێوازەوە بێت، کە جلوبەرگی ئافرەتانی کوردســـتانی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێی ناســـراون، لەمبارەیـــەوە دڵکەش موراد وتی: ســـەرەتای خولیاو ئارەزووم بۆ دیزاین و ستایلی جلوبەرگی ئافرەتانی کوردی بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە پێش ســـاڵانی نەوەدەکان لەوڵاتی ئەڵمانیا بووم، کاتێك جلوبەرگی کوردیم لەبەر دەکرد خەڵکی ئەو وڵاتە وایاندەزانی شاژنی وڵاتانی عەرەبیم، بەمەش زۆر ناڕەحەت دەبووم کە لەئەوروپا خەڵکی زۆر شـــارەزاییان لەکلتوور و جلوبەرگـــی کوردی نەبوو، کاتێکیش لەســـاڵی ١٩٩١ گەڕامەوە بۆ کوردستان بەهۆی کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی و هاتنی ڕۆشـــنبیری و شێوازی جلوبەرگی ڕۆژئاوایی بەشێوەیەکی زۆر فراوان کـــە بووە هۆی کەمبوونەوەی خولیای لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی بەتایبـــەت لەلای ئافرەتـــان، زۆرجار کـــە لەکچەکانم دەپرســـی:(بۆچی جلوبەرگی کوردی بە بەردەوام یا بۆ هەموو بۆنەیەك لەبەرناکـــەن؟ لەوەڵامدا پێیان دەوتـــم زۆر پانوپۆڕەو کولەکەو شـــتی زۆر پێوەیەو بەکەڵکی هەموو شوێن و کاتێك نایەت..) ئالێرەوە بیرۆکەی پاراســـتنی ئەم جلوبەرگـــەم بۆ هات، من هەرگیز ناڵێم چاککردن و ڕێکخستنەوەو جوانکردنی جلوبەرگی کوردی دەبێتە هۆی شـــێواندنی، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی پاراستنی و دووبارە هاتنەوەی هەروەکو چۆن لەیادو بۆنەکاندا مۆدێلێکی نوێی جلوبەرگ دێت خەڵکی زیاتـــر گرنگی پـــێ دەدەن. کاتێك بـــۆ یەکەمجار لەبەریتانیا جلوبەرگی ئافرەتی کوردیم نمایشـــکرد بووە جێگای پێشوازییەکی زۆر، هەربۆیە دواتر توانیم لە(ڤی ئەی ئێن)ی لەندەن نمایشـــێکی سەرکەوتوو ڕێکبخەم ئەو شوێنەی پێش من دیزاینەری جیهانی جلوبەرگ جۆرجی ئەڵمانی نمایشـــی تێدا کردبوو، بەمشـــێوەیە توانیم لەزۆربەی شـــارەکانی بەریتانیاو دواتـــر نەرویج ئەم نمایشـــە بکەم کە دوا نمایشـــم لەدوبەی بوو.

### نمایشی جلوبەرگ
### بووەتە هونەرێکی زۆر پێشکەوتووی جیهانی

سەبارەت بەو پێشـــکەوتنەی نمایشی جلوبەرگ لەجیهانـــدا پێی گەیشـــتووە دڵکەش مـــوراد وتی: نمایشـــی جلوبـــەرگ بووەتـــە ئارت واتـــە ڕووی لەهونەرێکـــی زۆر پێشـــکەوتوو کـــردووەو بووەتـــە شانۆگەرییەکی زۆر گەورەو تێکەڵ بەسەماو مکیاژ



## ـــــى هونەری و کەلتووری ڕێکخراوی گوڵان لەبەریتانیا:

# ـــــایلی مۆدێرن بەجلوبەرگی کوردی دەبەخشین

**هەیە، هەر ئەمەشە وایلێکردووە لەبەریتانیاو نەرویج و دوبەی نمایشی جلوبەرگ بکات، ئەم دیزاینەرە ئێستاکە سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنە بۆ نمایشـــێکی جلوبەرگی کوردی لەهەرێمی کوردســـتان. بۆ زیاتر شارەزابوون لەگرنگێتی نمایشی جلوبەرگی کوردی و پێشخستنی دیزاین و ستایل چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد، پوختەی وەڵامەکانی لەدووتوێ ئەم ڕاپۆرتە بڵاو دەکەینەوە. ●**

و پیشەســـازی جلوبەرگ و جوانکاری و دەیان شتی تر بووە، بۆ نموونە ڤالاَیتینۆ کە جاران دیزاینەرەکان و ڤاشنسۆکانی ئەوانەی نمایشیان دەکرد ئاسایی بوون، ئێســـتا ڤاشنسۆکان پێویستە شـــارەزاییەکی تەواویان هەبێت لەپێناو سەرکەوتنی نمایشەکە، هەروەکو چۆن لەئیتاڵیاو فەرەنساو نیویۆرك و ژاپۆن بەرچاو دەکەون، لەناوچەکەشدا لەلوبنان و تورکیاو دوبەی دیزاینەری سەرکەوتوو ڤاشنسۆی لێهاتوو دەرکەوتووە، بۆ نموونە لەتورکیا جەلیانمان هەیە کە یەکێکە لەهەرە دیزاینەرە ناسراوەکان.

### ستایلی جۆراوجۆر
### نیشانەی دەوڵەمەندی جلوبەرگی کوردییە

جلوبەرگی کـــوردی ئافرەتـــان دەوڵەمەندیەکی زۆری تێدایـــە لەڕووی ســـتایلەوە، لەمبارەیەوە ئەم خاتـــوو دیزاینەرە وتـــی: دەوڵەمەنـــدی جلوبەرگی کوردی ئافرەتـــان لەڕووی ســـتایلەوە کارەکەی بۆ من زۆر ئاســـان کردووە، ئـــەم دەوڵەمەندییە هەرگیز جیاوازی نییە، چونکە سەرجەم نەتەوەکانی دنیا ئەم خەســـڵەتەیان هەیە، بەڵام وەکو کوردستان دەوڵەمەند نییە، بۆ نموونە جلوبەرگی ئەڵمانی ســـەرەوە لەگەڵ خوارەوەی ئەڵمانیـــا زۆر جیـــاوازە، هیندییەکانیش کۆمەڵێك ســـتایل و شـــێوەی جیاوازیان هەیە، ئەمە خەسڵەتێکی باشی دەوڵەمەندی جلوبەرگی کوردییە لەلای ئافرەتان، هەربۆیە لەو نمایشـــەی کە لەساڵی ٢٠٠٤ کردمان ٢ کاتژمێـــری خایاندوو کاتێك تەواو بوو میوانەکان سەریانسوڕمابوو هەندێکیان پێیان وتم تا ئێستا هیچ نەتەوەیەکمان نەبینیوە لەجلوبەرگدا وا دەوڵەمەند بێت. لەدوبەیش بەهەمانشێوە دەنگۆیەکی گەورەی نایەوە، ئەمە دیپلۆماســـیەکی ناســـکە و تێکەڵ بەخەڵك و نەتەوەکانی تر دەبین.

### کچە بیانیەکان نمایشی جلوبەرگی کوردەواریمان بۆ دەکەن

لەکۆتاییدا خاتوو دڵکەش موراد شـــارەزا لەبواری دیزاین و ســـتایل وتی: لە٢٠٠٧ نمایشم لەهەولێر و سلێمانی کرد زۆر جار ڕەخنەمان لێگیرا و ئاستەنگ و بەربەســـتمان هاتە بـــەردەم، بەڵام زۆر کەســـیش پشـــتگیری لێکردم لەوانە کاك فەلەکەدین کاکەیی کە جێی ســـوپاس و پێزانینمە، چونکە زۆر کەس ئەو ڕاستەیەیان دەزانی ئەمە پێشکەوتنێکی ڕۆشنبیرییە، یەکەمیـــن پاڵپشـــتیم لەکابینەی پێنجـــەم کرا کە بووەهۆی زیاتر هاندانم و پێشـــکەوتنم، پێشکەوتنی ئـــەم کارە سێگۆشـــەییە(من و جلەکانم و کچەکانم) ـە کە وا دەکات شـــێوازی جوانتر و ڕێکوپێکتر نیشان بدەین، جێی داخیشـــە تا ئێستا کچەکان بۆ نمایشی جلوبەرگی کوردی دەبێـــت لەوڵاتانی ترەوە بهێنین، چونکە تەنیا جوانی بەس نییە بۆ نمایشی جلوبەرگ، بەڵکو شارەزاییش پێویستە لەسەر شێوازی جیهانی و سیستەمی ڕۆشتن. زۆر سەیرە لەکوردستان زۆربەی پیاوەکان باس لەوەدەکەن کە کچەکانیان و خێزانەکانیان خولیـــای جلوبەرگی جوان و ســـتایلی نوێن کەچی نەبوونی دیســـان هاوس وایکردووە کادیری ئەمبوار دەرنەکەوێت، مـــن تێناگەم خۆ بەجلوبەرگی مەلەوە نایەیتـــە ســـەر ســـتێیەج بەجلوبەرگی پۆشـــتەی کوردەوارییەوە نمایش دەکرێت کە زۆر پۆشـــتەیە، تۆ سەیری ئەم کارەساتە بکە کاتێك دێیتەوە بۆ کوردستان و لەفڕۆکەخانەو هۆتێل و ســـۆپەرمارکێتەکان هیچ پێشـــوازیکار و کارمەندێـــك نابینـــی بەجلوبەرگی کوردییەوە پێشـــوازیت لێ بکات، تەنانەت ئاشنامان لەسەر جلوبەرگی قامشلی و دیاربەکر و کرماشان و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان نییە، کاتی ئەوەهاتووە لەهەمـــوو کاتەکان جلوبەرگی کـــوردی وا لێبکەین لەبەربکرێت و ئەمەش پێویســـتی بەڕێکخستن هەیە تاوەکو لەلایەك لەبەرکردنی ئاســـان بێت و لەلایەکی ترەوە تێچوونی گران نەبێت. پێم سەیرە ئێستا ئافرەتی کـــورد عابای کوێتـــی بەنرخێکی گـــران دەکڕن و لەبەری دەکەن لەتەرحیـــل و تەعریب دەربازمان بوو عابای کوێتیان بۆ هێناوین تا ئافرەتانی وڵاتە جوان و ڕەنـــگاو ڕەنگەکەم لەبەری بکەن، ئەمە لەکاتێکدا جلوبەرگی کوردی زۆر پۆشاکتر و جوانترە.

**کوردستان زۆر دەوڵەمەندە لـــەستایلی جلوبەرگی ئافرەتان**

چیرۆکە هەواڵ

# پیری ناو پاسەکان هەڵمەتبەرن..

ئەوەندەی لەم ساڵانەی دواییدا شەقامەکان شوفێری ئافرەتان بەخۆوە دەبینێت، لەهیچ زەمەنێکی ڕابردوودا نەبووە، ڕەنگە لەسەردانێکدا بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ دیمەنی کچان و ژنانێکی زۆر بێتە بەر چاومان کە هەموویان خوازیارن مۆڵەتی شوفێری وەربگرن تاوەکو دواتر بەئۆتۆمبێلەکانی خۆیان هاتوچۆ بکەن، من کچێکم باشتر ئەو ڕەوشە دەبینم کە لەدەروونی کچان و ژناندا پەنگی خواردۆتەوە نەك ئەو دۆخەی لەکۆکردنەوەی مووچەکانیاندا هاتۆتە مەیدانەوە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل یان پەڕینەوەی کۆمەڵگەکەمان بەرەو سەردەمێکی نوێ، من دەزانم ئەو هەڵوێستەی ئافرەتان لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، هەربۆیە دەمەوێت لەبارەیەوە بدوێم و وەك کچێك بیگێڕمەوە کە ئیتر ئەوان لەناو پاسەکان بێزار بوون.

لەتوێژینەوەیەکدا کە سەبارەت بەئاژەڵان کەناڵێکی عەرەبی خستیەڕوو چۆنێتی ژیانی فیلەکان بوو کە خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی خۆیانن و ئەوەی دەرخست کە فیلە مێیەکان کاتێك لەشوێنێك مۆڵ دەبن و گرد دەبنەوە ناهێڵن بێچووە فیلە نێرەکان بێنە ناویانەوە و دەریان دەکەن، واتە نەشیاوە لەنێو خڕبوونەوەی فیلە مێینەکاندا بێچووە نێرەکان ئامادەگییان هەبێت، بۆ من ئەو شتە لێکدانەوەی هەڵسوکەوتی کوڕان و پیاوان بوو لەشوێنە گشتییەکان و ناو پاسەکاندا، دەموت خۆزگە پاسەکانیش بۆ نێرینە و مێینە جیادەکرانەوە، چونکە چەندین چیرۆکی ناخۆشیان تێدا ڕوویداوە و ڕوو دەدات.

ئەو ڕۆژەی ژنێك خۆی پێنەگیراو دەمی لەکابرایەك کردەوە کە لەناو پاسەکەدا تەنگی پێ هەڵچنیبوو، پیاوەکە سووربۆوە و بەچەند وتەیەك پاساوی هێنایەوە گوایە ژنەکە بەهەڵەدا چووە، بەڵام کاتێك دوای ماوەیەك هەستم بەجووڵەی قاچی پیاوەکەی لای خۆمەوە کرد ئینجا زانیم ئەو ژنە لەسەر هەق بووە لەبەرئەوەی بینیم پیاوە بەتەمەنەکە تا دەهات قاچی زیاتر دەنووساند بەقاچمەوە وەك ئەوەی شتێکی زۆر ئاسایی بێت، خۆم کۆکردەوە و بەرەو ئەولاتر خۆم جووڵاند تاوەکو وازم لێبێنێ، بەڵام کاتێك ئەو دابەزی ئانیشکی خشاند لەسنگمەوە و تەواو بێتاقەتی کردم، لەشەرم و حەپەساندا نەمدەزانی چی بکەم، من بەکچی ئەو دەشیام و بەسەری سپییەوە ئەو ڕەفتارە نابەجێیەی نواند کە شایانی گاڵتەپێکردن و تووڕەبوونیشە لەهەمان کاتدا.

جارێکی تر کوڕێك هەمان ڕەفتاری نواند تاوەکو گەنجێك لەپشتەوە وتی دابەزین هەیە و دەستی خستە سەر شانی کوڕەکەی تەنیشتم وەك ئەوەی وریای بکاتەوە تا لێم نزیك نەبێتەوە، لەکاتێکدا من لای جامەکەوە دانیشتبووم و ئەو کوڕەش لەتەنیشتمەوە بوو و ئەوەی کە دادەبەزی دەبوو بەو کەسەی بەردەمی خۆی بڵێ تاوەکو کورسییەکەی بۆ بەرزبکاتەوە یان ئامادە بێت نەك ئەوەی تەنیشتی من کە ڕێی لەدابەزینەکەی نەگرتبوو.

هاوڕێیەکم گێڕایەوە کە ئەو ڕۆژێك بەنگلادیشیەك دەستی بۆ بردووە لەناو پاسدا، بێگومان بۆم ڕوون بۆوە کە وڵاتە دواکەوتووەکان دیاردەی زۆر سەیریان تێدایە و پیاوان و کوڕان دووچاری چەپاندن بوون و ئەو شوێنانە دەکەنە هۆیەك بۆ نزیکبوونەوە و بەرکەوتنی جەستەیان بەئافرەتانەوە. یان گێڕایەوە کە ڕۆژێك کاتێك لەگەڵ دوو کچی هاوڕێیدا لەفەرمانگە دەچنە دەرەوە و بەکۆڵانێکدا دەڕۆن، دەبینن ئوتۆمبێلێك لایانەوە هێواشی دەکاتەوە تا ئەو ڕاددەیەی ئاسایی نەبێ و کچەکان تەماشای ئۆتۆمبێلەکە بکەن، وتی کاتێك لامان کردەوە بینیمان کوڕە شوفێرەکە گیانی خۆیمان پیشان دەدات و شتێکی زۆر چاوەڕوان نەکراو بوو کە تەواو لەو دیمەنە بێتاقەت بووین.

هاوڕێیەکی ترم باسی لەوە کرد کە لەناو پاسێکدا لەدواوە لەدرزی تەنیشتەوە کەسێك دەستی بۆ بردووە، چەندەها حاڵەتی لەو جۆرە ڕۆژانە بەچاوی خۆمان دەبینین و کچان و ژنان زۆرینەیان لەبەر شەرم و پێگەی خۆیان ناتوانن هیچ بڵێن و جارجارە بەچرپە یاخود بەدەستیاندا دەکێشن لەو شتانە خۆیان دەپارێزن. یان دانیشتنی پیاوان کە بڵاو دادەنیشن و جێگەکان تەنگتر دەکەنەوە تاوەکو ئافرەتان پێیانەوە چەسپ بن و بکەونە ناو باوەشیانەوە، لەم ڕووەوە ژنێکی عەبا بەسەر ڕۆژێك لەناو پاسدا بەدەنگی بەرز وتی:

- بەڕاستی شوورەییە بۆ پیاوان کە ئاوا بڵاو دادەنیشن و دەست بۆ کچان و ژنان دەبەن، ڕانیان جووت دەکەن بەرانی ژنانەوە دەڵێی خۆیان دایك و خوشکیان نییە، هەروەها وتی:

-ئەگەر بڵێی کوڕەکان بەحورمەتترن وەك لەپیاوان، بەڵێ پیاوانی بەتەمەن، دیارە بەو مۆدێلی جلوبەرگانە دەڵێن بەرەڵا و بێ ساحێب، یان بۆ ئەوان خۆیان تەسك کردۆتەوە و دەربەست بەحەیا و ناموس نایەن، پیاوان عەیبە عەیب خۆ کچ و ژنێك ناوێرێت بچێتە شوێنی قەرەباڵغەوە، یان دەستی بۆ درێژ دەکەن یان خۆتانی پێوە دەنووسێنن، دەبا کەسێك خۆی لەپشتانەوە گیر بکات ئایا پێتان خۆشە؟! بڕوا بکەن لێی ڕاست دەبنەوە و قبوڵی ناکەن، ئەی ئافرەتی بەستەزمان کە زمانی بەرگریشی نییە بۆ ویژدانتان ناهەژێنێ بۆ؟

